***یەکێتی لاوان لە وڵاتی سوید، کۆنفرانسی ساڵانەی خۆی لە ژێر ناوی " کونفرانسی ٧٠ ساڵەی یەکیەتیی لاوان " بەڕێوە برد.***

ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ١ی رەشەممە ی ١٣٩٤ی هەتاوی، کۆنفرانسی ساڵانەی یەکیەتیی لاوان لە وڵاتی سوید لە ژێر ناوی " کونفرانسی ٧٠ ساڵەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران" و بە بەشداری بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی کومیتەی بەڕێوەبەریی لاوان لە دەرەوەی وڵات و ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی یەکیەتیی لاوان لە سوید و هەروەها نوێنەرانی کومیتەی گشتی حیزبی دیموکرات، کومیتەی یەکێتی ژنان و یەکیەتی کوردان لە وڵاتی سوید بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێورەسمەکە بە سرودی نەتەوایەتیی " ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

لە دەستپێکی کۆنفرانسەکەدا ڕێگادرا بە ئەندامانی بەشداربوو لە کۆنگرەی ٨ ی یەکیەتیی لاوان کە لە باشووری کوردستان بەڕێوە چوو، باسێك لە سەر کوردستان و دۆخی لاوان لە کوردستان پێشکەش بکەن.
بەشداربووانی کونگرەی هەشت لە باسەکانیاندا ئاماژەیان بە کار و چالاکییەکانی لاوان لە کوردستان و کێشە و بەربەستەکانی و هەروەها شێوازی چالاکییەکان لاوان کرد.

لە برگەیەکی دیکەی کۆنفرانسدا لاوێکی دیکە کە بەشداربوویی دەورەی سەرەتایی سیاسی لاوان بوو لە کوردستان، باسێك لەسەر ئەزموونی خۆی لەو دەورەیە بۆ بەشدار بووان پێشکەش بکات.

پاشان بەشدرابووانی کونفرانس کۆمەڵێ تێبینی و پرسیاریان ئاراستەی ئەو هاوڕێیانە کرد و لەلایەن نوێنەرانی بەشداربووی کۆنگەرەوە وڵام درانەوە.

لەبرگەیەکی دیکەی کۆنفرانسدا، بەڕێز: " جەلال رەوانگەرد" سکرتێری گشتی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ڕێگای سکایپەوە باسێکی تێروتەسەلی لە سەر یەکێتی لاوان و کار و ئەرکەکانی لاوان پێشکەش کرد.
ناوبراو لە میانەی باسەکەیدا ئاماژەی بە گرینگی پەیوەندی نێوان یەکیەتیی لاوان و ڕێکخراوەکانی دیکەی تایبەت بە لاوان کرد.

خوێندنەوەی پەیامی کومێتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەیامی یەکیەتیی کوردان و پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشی نیوئاخنی کونفرانسەکە بوو.

پاش پێشکەش کردنی راپۆرتی کار و چالاکییەکانی کومیتەی گشتی لاوان لە وڵاتی سوید، باسێکی گشتی لەسەر کار و باری لاوان و بەرنامە و پلانی کار بۆ داهاتووی لاوان کرا و لە درێژەدا بەشداربووان رەخنە و پێشنیارەکانی خۆیان ئاراستەی کۆنفرانس کرد.

لە بەشی کۆتایی کونفرانسەکەدا هەڵبژاردن دەستی پێکرد و لە فەزایەکی ئازاد و دێموکراتادا کومیتەیەکی نوێ بۆ ڕاپەڕاندنی کار و چالاکییەکانی داهاتوو هەڵبژێردرا.

www.peshmergekan.com

شایانی باسە پاش کۆتایی هاتنی کۆنفرانسەکە بە بۆنەی یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێورەسمێک بەڕێوە چوو.
شایانی ئاماژە پێدانە کە ڕێورەسمەکە لە نێو شایی و هەڵپەرکێی بەشداربواندا کاتژمێر ١٠ی شەو کۆتایی پێهات.

***یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ سوید***
***١ی ڕەشەمەی ١٣٩٤ی هەتاوی***
***2016-02-20***

***سەرچاوە:***
***www.peshmergekan.com***

www.peshmergekan.com




پێشمەرگەکان: کۆنفرانسی ٧٠ ساڵەی لاوان، سوید ٢٠-٠٢-٢٠١٦


Democratic Youth Union Of Iranian Kurdistan
1946
۱۳۲۱
پێشمەرگەکان، کۆنفرانسی ٧٠ ساڵەی لاوان، سوید ٢٠-٠٢-٢٠١٦
www.peshme




پێشمەرگەکان: کۆنفرانسی ٧٠ ساڵەی لاوان، سوید ٢٠-٢-٢٠١٦




www.peshme




پێشمەرگەکان: کۆنفرانسی ۷۰ ساڵەی لاوان، سوید ۲۰-۰۲-۲۰۱۶



پێشمەرگەکان: کۆنفرانسی ۷۰ ساڵەی لاوان، سوید ۲۰-۰۲-۲۰۱۶



پێشمەرگەکان: کۆنفرانسی ٧٠ ساڵەی لاوان، سوید ٢٠-٢-٢٠١٦










پێشمەرگەکان، کۆنفرانسی ٧٠ ساڵەی لاوان، سوید ٢٠-٢-٢٠١٦


پێشمەرگەکان، کۆنفرانسی ٧٠ ساڵەی لاوان، سوید ٢٠-٢-٢٠١٦


پێشمەرگەکان، کۆنفرانسی ٧٠ ساڵەی لاوان، سوید ٢٠-٢-٢٠١٦









